# زمـــانــــــى شيعـــــــرى هــــێـــمــــــــن

م. مصگفى سيد مينه مصگفى
زانكۆى راپەڕين
فەكەڵتى پەروەردە/ بەشى كوردى

## پێشەكى:

بێگومان زمانی شیعریی ڕەگەزێكی سەرەكیی شێوازەو، پردی نێوان زمانو ئەدەبەو، لەسەرێكی دیكەشەوە، خوێنەرو شاعیر پێك دەگەیێنێت..... هەر شاعیرێك خاوەنی دەنگی خۆی بێت، زمانی تایبەتی خۆی هەیە كە لە شاعیرانی دیكە هەڵداوێرێ....هێمنی شاعیریش یەكە لەو شاعیرە ڕەسەنانەی، نەك هەر خاوەنی زمانی خۆیەتی، زمانەكەی ئەوەند نایابو پاراوەو ڕەوانە، فەرهەنگێكی وشەو دەربڕینی ڕەسنەو، لەوبوارەدا سەرمەشقو قامك نیشانە، بۆیە لەم توێژینەوەدا هەوڵی ڕوونكردنەوەی ئەو زمانە ناوازەو بەرزە دراوە.

توێژینەوەكە دوو بەشە" بەشی یەكەمی لایەنی تیۆریی توێژینەوەكەیەو لەمەڕ زمانی شیعریی بەگشتی جیاوازیی لەگەڵ زمانی ئاسایی‌و، پێوەندی نێوانیان دەدوێت. بەشی دووەمیش تەواوكەری بەشی یەكەمو، بەشە پركتیكییەكەیەتی‌و، كورتو پوخت باسی ڕەهەندەكانی زمانی شیعری هێمنو خەسڵەتەكانی دەكاتو، لەهەر بوارێكدا چەندان نموونە لەشیعرەكانی دێنێتەوە.

## بەشی یەكەم: لەنێوان زمانو ئەدەبدا

زمان گەورەترین ئامرزی پەیوەندی نێوان مرۆڤە، كە بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكانی ڕۆژانەو تێك گەیشتن بەكاری دێنێ، كە ئەوە زمانی ئاساییە، بەڵام ئەگەر بۆ ئاڵوگۆڕی سۆزو خەیاڵ بەكارهات، ئەوەدەبێتە زمانی شیعر. هەڵبەت زمانیش بڕبڕەی پشتی شیعرو ئەدەبە. بۆیە لە ڕەخنەی نوێدا توێژینەوە زمانییەكان بایەخی زۆریان پێدراوەو زۆربەی ڕەخنەگران ڕەگەزەكانی شیعر بەزمانەوە دەبەستن.[(١)] جا هەڵسوكەوتی زمانی ئاسایی لەگەڵ دەرووبەرو لۆژیكییەو پێرەوی لەیاساو دەستوورەكانی زمانو زمانەوانی دەكات، بەڵام زمانی شیعرئەو یاساو دەستوورانە تێكدەشكێنێو نالۆژیكییەو هونەری لێ دەكەوێتەوە.[(٢)] چونكە شاعیر زمان دەگەیەنێتە ئاستێكی بەرزو باڵاو بڵ بەوشەكان دەگرێتو گیانیان بەبەردا دەكاتو، وادەكات یەكجار دڵگیرو سەرنجڕاكێش بن" چونكە شیعر هەڵگری پەیامێكی ڕووحیو هونەرییەو، دەبێ بەزمانێكی بەرزو پوخت بنووسرێت، كە بەوەش ئەركی چێژو سوودبەخشینو مانەوەو نەمریی بەجێدێنێت" چونكە " زمانی شیعر لە زمانی قسەكردن جیایە، بەو مانایەی شاعیر مافی ئەوەی هەیە زمانێكی تایبەتی بەكاربێنێ كە لە زمانە ئاساییە بەربڵاوەكە دووربێت"[(٣)]

شيعر بەرهەمی جوانكاریی زمانو مایەی بالآبردنیەتی" چونكە شیعر زمان لەتاك واتایی ڕزگار دەكاتو بەرەو فرەواتایی دەباتو، وادەكات وشەكان زۆرترین واتایان هەبێت.[٤] دیارە تا شاعیر پاشخانی ڕۆشنبیریی دەوڵەمەندترو بیری تیژترو خەیاڵو سۆزی فرەوانتربێت، چاكتر ئەو كارەی پێدەكرێت، هەڵبەت هەریەوەش (سیحری بەیان)و (حیكمەتی شیعر) دێتەدی، وەكو "نالی" دەڵێ:

"نالی" نییەتی یسحری بەیان، حیكمەتی شیعرە

ئەمما نییەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا دیوان ل٧٨.

دیارە ئەوەش زمان لە ئامێربوونی ڕەقو تەق ڕزگار دەكاتو، گیانێكی تازەی بەبەردا دەكاتو، وشەو تەعبیرەكانی وەكو كانیاو دەتەقێتەوە، چونكە شیعر ڕزگاربوونە لەدەستەڵاتی زمانی ئاساییو شۆڕشی بەردەوامە لەنێو زماندا، ئاخر شیعر هەرچەندە هەر وشەی ئاسایی زمان بەكاردێنێ، بەڵام دەقێكی ڕووتی زمان نییەو، وشەو دەربڕینەكانی پڕن لە واتای تازەو سەرئەنجام یەك پارچە دەبنە سۆزو خەیاڵو وێنەی هونەریی. نووسەرانی بونیاگەریش پێیان وایە ئەدەب تەنها زمانە، بۆیە تەنها لەڕووی زمانەوە دەقی ئەدەبی لێكدەدەنەوە، وەكو "ڕۆلان بارت" دەڵێ: "ئەدەب جگە لە زمان شتێكی دیكە نییە."[٥] ئیشی شیعر شكاندنی قاڵبی پیشوەخت ئامازەكراوی زمانە، كە ڕێ لە فراژووبوونو گەشەكردنو فرەواتایی وشەو دەربڕینەكانی زمان دەگرێت، كەواتە: نە لەئاستی زمانی ئاساییدا دەتوانرێ ڕێ لە گەشەكردنی زمان بگرێت، نە لەئاستی شیعرو هونەریشدا دەكرێ زمان لەقاڵب بدرێتو سنوور بۆ پەرەستاندنی دابنرێت" چونكە شاعیر وشە لە كۆتوبەند ڕزگاردەكاتو قەفەزی فەرهەنگو مانای فەرهەنگی دەشكێنێ، لەبەرئەوەی زمان ئەو دەلاقەیە كە شیعر هەناسەی لێوەدەداتو، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاسۆ دوورەكانو "زمان لەو هۆیانەیە ڕادەی سەركەوتنو سەرنەكەوتنی هەر دەقێكی ئەدەبی دیاری دەكات، بەهۆی زمانەوە، نووسەر كێشەو ڕووداوەكان دەچنێو، ئەو فكرەی كە دەیەوێ بیگەیەنێ بە خوێنەر، هەر لە قاڵبی ئەو زمانەدا دێتە دیو دەخولقێ، ئەگەر بڵێین زمان بەردی بناغەو ستوونی هەر كارێكی ئەدەبییە، ڕاستمان گوتوە"[٦]" چونكە زمانو شێوازو مۆسیقاو وێنەی هونەرییو لایەنی ڕەوانبێژییو شیعر پێكدێنێو، سەرئەنجام ڕوخسارەكەی دیاری دەكاتو، پەیامەكەشی ڕادەگەیەنێت، بۆیە ئەو شاعیرەی زمانەكەی سفتو تۆكمەو پاراوبێت، دەتوانێت دەقێكی پتەوو دڵگیر بنیات بنێ" چونكە تێگەیشت لە دەقی ئەدەبی، بەتێگەیشتنی زمانەكەیەوە بەندە،[٧]بەهۆی ئەوەی كە زمان كەرەستەی چنینی دەقەو، بەئاوێتەكردنی لەگەڵ سۆزو خەیاڵو وێنەی هونەریی، پێكهێنەری ڕووخسارو ناوەڕۆكو، دیارخەری ڕاستەقینەی شێوازی خاوەنەكەیەتی.

## چەمكی زمانی شیعری:

زمان لەڕووی ڕوخسارەوە هەوڵی بەرجەستەكردنی بەهای ئیستاتیكیو جوانی دەدات، دیارە كەرەسەشی بۆ ئەم كارە وشەیەو، هەڵبژاردنی وشەی لەبارو گونجاو و ڕیزكردنیان بەلێزانی بۆ دەربڕینی

جوانو هونەریی، پێداویستی بنەڕەتی ئەو کارەیەو، شیعریش بەهۆی زمانەوە هەوڵی پێکهاتنی جوانی دەدات بۆ دەربڕینی واتای ناوەکیو بیری کۆمەڵایەتی" لەبەرئەوەی "زمانی شیعر زمانێکی پڕ لە جوانیو ئیستاتکییە، لە زمانی ئاسایی جیاوازە" چونکە زمانی شیعر جگەلەوەی هۆی گەیاندنە، لەهەمانکاتدا ئامانجیشە، کە لایەنە جوانکاریو ئیستانیکییەکانیەتی هەروەها شیعر جگە لە واتای فەرهەنگی، واتای تر دەداتە وشەکانی ناو شیعر، بەپێی جیهانبینی شاعیر، کە ئەمەش دەبێتە جیهانێکی ئیستاتیکی تایبەت بەشاعیرو، گەیاندنی چێژو خۆشی بەهەوادارانی شیعرەکە"[٨] واتا: زمانی شیعریی سەرباری جوانیو ڕازانەوەی بە مۆسیقاو ڕەوانبێژییو وێنەی هونەریی، وا لە وشەکان دەکات فرەواتابنو، لەڕووی چەمکەوە چەندەها ڕەهەند بگرنە خۆیان. هەڵبەت زمانی شیعریش هەر لە منداڵدانی زمانی ڕۆژانەی خەڵك دەبێت، بەڵام پەرەگرتووەو گەشەکردوو و سەرتۆپی زمانە[٩]و، زمانی شیعری هەر زمانە ئاساییەکەی میللەتە، بەڵام سۆزو خەیاڵو وێنەیی هونەریی، ڕوخسارێکی جوانو نەرمو ناسکی تازەی پێدەبەخشنو سەرلەنوێ لەدایك دەبێتەوە،[١٠] بەجۆرێك بەهۆی هەڵچوونو سۆزو وێنەی جوانەوە، دەبێتە پردی نێوان شاعیرو خوێنەرو کاریگەرییەکی بەرچاو دروست دەکات، ئەمەش لەسۆنگەی ئەوەوە کە شاعیر بە مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ وشەدا، جۆرە ئەفسوونێك بەشیعر دەبەخشێتو لەو بوارەدا ئەو ئازادییو دەستکراوەییەی بۆ شاعیر ڕێی پێدراوە، بۆ خەڵکی دی ڕێی پێنەدراوە.[١١] ئەوەش بەهەڵبژاردنو ڕێکخستنی وشەکانی نێو دەقەکە دەبێت بەجۆرێك کاریگەرییان لەسەر خوێنەر هەبێت" چونکە "زمانی شیعر بریتیە لە هەڵبژاردنو ڕێکخستنی وشە بەشێوەیەك کە واتاکەی کاریگەربێتو ئەندێشە ببزوێنێت"[١٢] زمانی شیعریش، زمانی خەیاڵیو خوازەیی هەست بزوێنەو لەسەرووی زمانی ئاساییەوەیەو، وشەو دەربڕینەکانی خاوەنی جووڵەو چەمکی تازەن، لەبەرئەوەی شاعیر داهێنەرەو، دەهێنەریش دەبێ خاوەنی سەربەستیو دنیایەکی تایبەتی بێت، بۆئەوەی کارەکەی تۆکمەو جوان بێت، ئەوەش لەڕێگای دەربڕینی نایابو نامۆوە، چونکە زمانی ئاسایی هەموو دەربڕینێکی ناوەوە دەرناخات، بۆیە زمانی شیعر زمانێکی داهێنەرانەیە[١٣]" چونکە جوغزی فەرهەنگ دەبەزێنێتو بەبەکارهێنانی وشەو دەربڕینی ورووژێنەری یادەوەری، لەچوارچێوەی لایەنەکانی ڕەوانبێژیو وێنەی هونەریدا،[١٤] بەچڕو پڕیی بەوشەو ڕستەی کەمو بچووك، ماناو وێنەی زۆرو گەورە دەردەبڕێت. دیارە شاعیر بۆئەوەی ببێتە خاوەنیزمانێکی شیعریی کاریگەر، دەبێ فەرهەنگی وشەی زۆر دەوڵەمەندبێو، تەواو شارەزای شیعری شاعیرانی کۆنو نوێی نەتەوەکەی بێتو، لەهەموو بوارەکانی فۆلکلۆر ڕۆچووبێت، بۆئەوەی بگاتە ئەو دەربڕینە تایبەتییەی کە "لەئەنجامی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە دروست دەبێت، بۆ دۆزینەوەی مانای نوێو دوورکەوتنەوە بەپێی تواناو دەستەڵاتی شیعری شاعیر لەشێوازی دەربڕینی ڕاستەوخۆ و مانا فەرهەنگییە ڕووتەکان" [١٥] وشەکانی، ماناو چەمکی تازەیان لێ هەستیو سەرئەنجام دەقێکی چڕوپڕ بێتەدی، کە سەرنجی خوێنەر ڕاکێشێت" چونکە گەورەترین بەهای دەقی شیعری، لە جوانییەکەیدایە، کە زمانی شیعر ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنێت کە بە گرتنەخۆی چەند خەسڵەتێکی

ئیستاتیکی، وەکو زمانێکی باڵا دیاری دەدات، دیارە ئەوەشە کە شیعر لە قسەی ئاسایی جیادەکاتەوە" چونکە "شیعر ئەو زمانەیە، کە لەدەست گشتمان نایە قسەی پێبکەین" زۆرجار مرۆڤێك بیری قووڵ و وردو لێکدانەوەی بەرزو ئەندێشەو سۆزی ناسکیشی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ شیعری لێ پێك بێنێت، کە دیارە بەکارهێنانی هونەرمەندانەی وشەش، بۆ خۆی شتێکی باڵاو مەرجی هەرە پێویستی شیعرە"[١٦]" چونکە زمان بڕبڕەی پشتی داهێنانە لە دەقداو، هەر شاعیرێك فەرهەنگی وشەی هەڵژاربێتو، لە زماندا زۆر دەسترۆیشتوو نەبێت، پەکی دەکەوێتو" چونکە چەکی دەستی شاعیر وشەیە.[١٧]

لەبەر ڕۆشنایی ئەو چەمکانەی لەمەڕ زمانی شیعر خستمانە ڕوو، دەکرێ بڵێین: زمانی شیعریی ئەو زمانەیە کە تواناو هزرو هەستو بیرو خەیاڵی شاعیر دەخاتە ڕوو و، شێوازەکەی بەرجەستە دەکاتو، بەفرەواتایی وشەو دەربڕینەکانو لادانەکانی، جوانیو بەرزو باڵایی خۆی دەسەلمێنێتو، لەوڕێیەشەوە دەق دەگەیەنێتە ئاقاری شاکارییو نەمریی.

زمانی شیعریی، زمانێکی تایبەتییەو لادانە لە یاساو نەریتە باوەکانی زمانی ئاسایی، بۆیە بە زمانێکی نائاسایی دەژمێررێت" نائاسایی بوونەکەشی بۆ ڕێکخستنی وشەکانو کورتبڕییو داهێنانی وشەو دەربڕینی نوێی ئەدەبیو لایەنەکانی ڕەوانبێژیی دەگەڕێتەوە.

هەندێك جاریش شاعیر زمانێکی ڕەمزیی بەکاردێنێت، کە هەموو خوێنەرێك پەی بەواتاکەی نابات، جاری واش هەیە شاعیر بەهۆی ئەزموونی قووڵیەوە هەر لەوشەو دەربڕینی سادەی خەڵك شاکار بەدی دێنێ" چونکە زمانی شیعریی سادەو ساکار، بەبێسوان دووبارەبوونەوە، خاسیەتێکی زۆر باشە، لەوشەی ڕۆژانەش دروست بووبێت.[١٨]" چونکە شاعیریش هەر پشت بەوشەی ئاخاوتنی خەڵك دەبەستێ، بەڵام بە بەکارهێنانی هونەرمەندانە، واتاو ئەرکی نوێیان دەداتێو، شتە شارراوەکانی نێو زمان ئاشکرا دەکات. زمانی شیعر ڕەهاو سەربەستەو، بەکۆتو بەندی زمانی ئاساییەوە بەندنییەو، ئەفسوونو دڵگیرییەکی تێدایە کە لە زمانی ئاساییدا نییە، نهێنیو خاسیەتی شیعریش لە دەربڕینی ئەو دنیایەدایە کە زمانی ئاسایی بۆی دەرنابڕێت، چونکە زمانێکی سنووردارەو ئەو دنیایەش بێسنوورەو دەربڕینو دەرخستنی، زمانێکی بێسنووری گەرەکە، کە زمانی شیعرییە، کە پێشینان (زمانی خوازە)یان پێدەگوت،[١٩]، هەر ئەو زمانەشە کە بەهۆی شیعرەوە ڕەهەندێکی تازە وەردەگرێتو، بەردەوام لەبووژانەوەو پەرەستاندندا دێتو دەچێت، چونکە شیعر زمان فراژوو و کامڵ دەکاتو، هەنگاوبەهەنگاو بەرەو بووژانەوەو گەشانەوەی هەرچی زیاتری دەباتو، مۆری مانەوەی یەکجاریی نەمریی لێ دەدات" چونکە ڕەگەزەکانی زمانی ئاسایی، تاك تاك جێگیرن، بەڵام ڕەگەزەکانی زمانی شیعری تێکەڵاو و بەیەکداچوون، بەڵام ئەمە واتای لێکدابڕینی ئەو دوو زمانەنییە، چونکە زمانی ئاسایی بناوانو سەرچاوەی زمانی شیعرییەو "کێشانی هێڵێکی گەورە لەنێوان زمانی ئەدەبو زمانی ڕۆژانەدا، یان فکردا، هەڵەیەکی گەورەیە" چونکە هەمیشە شوێنێك هەیە کە دەشێت ئەم دوو جۆرە زمانە،

بەجوانی تێیدا بەیەك بگەنو یەكتری تەواوبكەن"[٢٠] ، سەرباری ئەوەش، زمانی ڕۆژانە هێزێكی ستاتیكی گەورەی تێدایە، كە ئەگەر كاریگەرانە بتەقێتەوە، پڕە لە واتای گاڵتەئامێزی قووڵ كە زمانی شیعریی دەوڵەمەند دەكات" چونكە پەیوەندییەكی دووسەرە لەنێوان ئەم دوو زمانەدا هەیە، لە ڕەوتی گەشەكردندا یەكتر تەواو دەكەن.

دیارە زمانیش گەورەترین خەسڵەتی شێوازی ئەدەبییەو، مۆركو ناسنامەی شاعیر، بەو زمانە دیاری دەكرێتو لە شاعیرانی دیكەی جیادەكرێتەوە، كە بەكاری دێنێ، ئەو زمانەی بەهۆی شیعری بوونیەوە، لە زمانی ئاسایی جیایەو لەپلەیەكی بەرزی هونەرییو جوانیدایە[٢١]" چونكە بنیاتی زمانی شیعریی، سیمای شێواز بەرجەستە دەكاتو كاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر نێوەڕۆكو واتاكەی هەیە[٢٢] " چونكە شیعر چەشنێكە لە چەشنەكانی زمان، شیعریەتیش شێوازگەری ئەو چەشنەیە، شیعریەت پێشنیازی زمانێكی شیعری دەكاتو لە بنەمای پێكهاتەی دەكۆڵێتەوە.[٢٣]

## زمانی شیعری كوردی:

بێگومان زمانی شیعر بەگوێرەی قۆناغو ڕێبازی ئەدەبیو سەردەم دەگۆڕێت، لەو سۆنگیەشەوە زمانی شیعری كوردیی جۆراوجۆرەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەسەرەتای دروستبوونی قوتابخانەی شیعری باباندا لەسەر دەستی (نالیو سالمو كوردی)، زمانی شیعری كوردی زمانێكی تێكەڵی وشەی كوردیو عەرەبیو فارسی بووە" چونكە هەم سەرەتابووە، هەم ئەو شاعیرانەش پاشخانی ڕۆشنبیریيان بەهۆی خوێندنی حوجرەوە، فارسیو عەرەبی بووە، هەر لەبەرئەوەش لەڕووی ڕەوانبێژییەوە، بەهەموو جۆرە هونەرەكانی ڕەوانبێژی ڕازاوەتەوەو، شیعری كلاسیكی كوردی لە ژێر كاریگەریی شیعری فارسیو عەرەبیو تارادەیەك توركیدا، چەندان وشەو زاراوەی ئەو زمانانەی بەكارهێناون[٢٤] ، "نالی" دەڵێ:

تەبعی شەككەرباری من كوردی ئەگەر ئینشا دەكا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لە(عەمدا) وادەكـــا
یا لەمەیدانی فەساحەتدا بەمیسلی شەهســـــوار
بێتەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەكـــا        (دیوان ل١٠٦)

دیارە ئەو زمانە، زمانێكی تۆكمەو پتەو و باڵابووەو، تەنها چینێكی دەستەبژێری مەلاو خوێندەوارانی شیعر دۆست تێی گەیشتوونو، لەڕووی داڕشتنو ڕستەسازییەوە كوردییەكی ڕێكو بێگرفتەو، تا هەڵایسانی جەنگی یەكەمی جیهانی خایانوەو[٢٥] ، زمانەكەیان لەسیماو ڕووخساردا لەسفتیو مەحكەمیو زاراوەو وشەی هاوبەشدا تەواو لە زمانانی دیكەی ڕۆژهەڵات دەچوو. شاعیر بۆی نەبوو وشەو دەربڕینی ئاسایی بەكاربێنێ.[٢٦]

گۆڕانی بارودۆخی سیاسیو پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتی، ناوەڕۆکی شیعری کوری گۆڕیو کلاسیکی تازەی هێنایەدی وەکو شیعرەکانی (حاجی قادر)و (حەمدی)و (زێوەر)....، بەڵام ڕووخسارو زمانی شیعریی هەروەکو خۆی مایەوە، حەمدی دەڵێ:

ئەی وەتەن ڕۆمو عەجەم موشتاقی کوردستانتە

ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە      (دیوان، هەولێر ٢٠١٠، ل٥٠)

بەڵام گۆڕانی بەردەوامی نێوەڕۆکی شیعر وایکرد زمانە کۆنەکە نەتوانێ دەربڕینی ئەو نێوەڕۆکە نوێیەبێتو، سەرئەنجام بەهۆی گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتییەوە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی و زمانەوانی پەیدابوو بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانەو، شاعیران بە گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆری کوردی، وشەو دەربڕینی سادەیان بەکاردەهێنانو سەرئەنجام ڕێبازی ڕۆمانسیزم بەزمانێکی شیعریی تازەوە سەری هەڵدا، چونکە "گۆڕانو پێشکەوتنی بیروباوەڕو ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەك، لەگەڵ گۆڕانو پێشکەوتنی زمانەکەیدا شان بەشانی یەکتر ئەڕۆن"[٢٧]

ماوەی نێوان هەردووك جەنگی جیهانی (١٩١٤ – ١٩٤٥) وەرچەرخانێکی بەرچاوە لە زمانی شیعری کوردیدا" چونکە بەلاو کارەساتەکانی ئەو دوو شەڕە ماڵوێرانکەرە، خەمو ڕەشبینیان بەسەر شاعیرانی کوردیشدا هێناو، ئەمەش وایکرد شاعیران باسی خەیاڵو خەونو خەفەت بکەنو، وشەو دەربڕینی تازە بەکاربێنن، هەردی دەڵێ:

ئەی دیدە پەری بەوەدەمە، بەو کوڵمە گوڵینە

بۆ کەس نییە تاسەر، ئەوەڕێ ئەم گوڵی ژینە !

ئەو زوڵفە کە ئێستاکە دوو توێی عەنبەری چینە

ڕۆژێکی کە دێ تێکەڵ توێی خاکی زەمینە !      (ڕازی تەنیایی، سلێمانی ٢٠٠٦، ل٧)

دوای ئەوە زمانی شیعر بەرەو کوردی پەتیو دوورکەوتنەوە لەکارهێنانی وشەی بێگانە ڕۆیشت، تا سەرئەنجام لەشیعری ڕیالیزمدا تەواو خۆی گرتو زمانێکی شیعریی سفتو پتەوی کوردی پەتی دروست بوو، پیرەمێرد دەڵێ:

ئەوا سامالی کرد، ڕۆژ کەوتە سەر شاخی "گڵەزەردە"

بەسەر ئەو بەفرەدا تیشکی هەتاو ئەڵماسی خواکردە

بەسەر گۆنای سپیدا خشڵی زێرینە بریسکەی دێ

پەریی سەر کێوی قافیش هێندە پرچی زەردی خۆ لێ دێ      (دیوانی پیرەمێرد، ل١٢٣)

بەشی دووەم: زمانی شیعری هێمن

وەكو گوتمان، ماوەی نێوان هەردووك جەنگی جیهانی، ماوەی گۆڕانی نێوەڕۆكی شیعریی كوردیو سرئەنجام گۆڕانی ڕووخسار، بەتایبەتی زمانو، چوونیەتی بەرەو كوردی پەتی.... هێمنیش (١٩٢١ – ١٩٨٦) لەو بەینەدا دەستی بە شیعر نووسین كردووەو، بەگۆێرەی دیوانەكەی یەكەم شیعری (خاوەنی زێڕ) لەساڵی ١٩٤١دا داناوە، بۆیە ئەو خەسڵەتە هەر لە یەكەم شیعرەوە زەق دیارە:

لەبارو قیتو قۆزە خاوەنی زێڕ          ئەگەر كوورەو، ئەگەر گۆجەو شەلو گێڕ
بەژن باریكو شووشو شۆڕە لاوە          ئەگەر پیرێكی خوێنتاڵەو ورگ تێر
(بارگەی یاران ل ٦١)

دیارە لەبەرەبەری كۆتایی جەنگی جیهانی دووەمی جیهانیدا، ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بەتایبەتی موكریان، لەنێو جۆشوخرۆشێكی گەورەی نەتەوایەتیدا دەژیا، كە سەرەنجام دامەزراندنی كۆمەڵەی (ژ. ك.)و كۆماری مەهابادی لیّ كەوتەوەو، زمانو ئەدەبی كوردی بووژانەوەیەكی بەرچاوی بەخۆیەوە دی، كە هێمنیش لەنێو جەرگەی ئەو جۆشو خرۆشەدا دەژیاو، ڕۆڵی دیاری لەو ڕەوشەدا هەبوو و، سەرباری ئەوە پاشخانە فكریی‌و ڕۆشنبیرییەكەی‌و ژیانی لە لادێ‌و شارەزایی لە وشەو زاراوەو دەربڕینی دیهات بە كشتوكاڵو ئاژەڵداریو گەرمێنو كوێستانەوە، هەموو پێكەوە وایان كرد شیعری هێمن لەوپەڕی پاراویو ڕەوانیدا بێتو، لێوالێوبێت لە وشەی ڕەسەنو، لەوبارەوە سەرتۆپی شیعری كوردی بێت... هەڵبەت هێمن شیعری كلاسیكیو ڕۆمانتیكیو ڕیالیزمی هەیەو، لەڕووی زمانەوە هەموویان ڕەوانو پاراوو پڕ لەوشەی كوردیی ڕەسەنو پەتین، هەرچەندە لەڕووی وێنەی هونەریو ڕەوانبێژییو دەربڕینەوە، هەندێك گۆڕانی بەسەردا هاتوەو، شیعرە ڕۆمانسیو ڕیالیستییەكانی پتر بەنێو فۆلكلۆرو كەلەپووردا چوونەتە خوارێ، كە لە هەریەكەیان چەند نموونەیەك دێنینەوە.

١- كوردیی پەتی: وەكو باسمان كرد، شیعری هێمن لەبواری كوردیی پەتیو ڕەواندا سەرتۆپی شیعری كوردییەو، شیعرەكانی لەو بارەوە فەرهەنگێكی دەوڵەمەندن. بۆنموونە، لە شیعرە بەناوبانگەكەی (كوردم ئەمن) كە لە ساڵی ١٩٤٢ نووسیویەتی، دەڵێ:

ئەگەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی‌و حەسرەتو دەردم ئەمن
قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
عاشقی چاوی كەژاڵو گەردنی پڕخاڵ نیم
عاشقی كێوو تەلانو بەندەنو بەردم ئەمن          (بارگەی یاران ل ٦٠)

لەشیعری ڕۆمانسیی "ئێوارەی پایز"یشدا، كە ساڵی ١٩٧٤ نووسیویەتی، دەڵێ:

لەئاسۆیەكی دوورە دەست          ئاوابوو زەردەی پایزیی
دەتگوت بووكێكی بێنازە          پەردە جێدێڵێ بەزیزیی
*     *     *

دوور قاقايەکم گوێ لێ بوو دەتگوت گوڵلەم پێوە دەنێ

بۆ بەئێوارەی پایزیش ئی وا هەیە پێبکەنێ؟! (بارگەی یاران ل ٢٠٦– ٢١٠)

لەشیعری ڕیالیزمی (کاروانی خەبات)یشدا دەڵێ:

زەردەپەڕی، سوور بوو ئاسۆ خەریك بوو سێرە هەڵگیرێ

لەباتی قاسپە قاسپی کەو دەهات قرمژنی شەستیرێ

ئاوری بەردەدا لەبەندەن گڕی خومپارەو بازووکا

کام گوڵ گەش بوو، کام گیا شلك بەو بلێسە هەڵدەپرووکا (بارگەی یاران ل ١٦٠)

لێرەدا بۆیە نموونەمان لەهەرسێ ڕێبازە ئەدەبییەکەی شعری هێمن هێنایەوە، تا بیسەلمێنین کە سەرپاکی شیعری هێمن، وشەو دەربڕینی کوردیی ڕەسەنەو، هێمن لەوبارەوە پێشەنگی شیعری کوردییەو، ئەو نموونانەمان وەکو "مستی خروارێك" هێنانەوە، دەنا هەرکام لەشیعرەکانی هێمن دەستیان بۆ بەری، گوڵستانی ڕازاوەی وشەو دەربڕینی ڕەسەنە:

شەماڵ هات بەکاڵە کاڵ هەوربوون گەواڵ گەواڵ

پشکووت گوڵی گەش و ئاڵ بلبل کەوتە ناڵەناڵ

* * *

مەندۆکو خاوو کەما لەنەرمان و ئەستەما

بەسروە هاتنە سەما وەیشوومەو سەرمانە ما.... (بارگەی یاران ل ٩٨– ٩٩)

دیارە زەقترین شێوازی شیعری هێمن، ئەو کوردییە ڕەوانەیە کە هێمنی کردۆتە شاعیرێکی ڕەسەنی خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی.

٢– لایەنەکانی ڕەوانبێژی: شیعرەکانی هێمن سەرباری کوردیی ڕەوان و پەتی، بەلایەنەکانی ڕەوانبێژیش ڕازاونەتەوەو لەهەموویاندا پشکیان هەیە، کە لەبەر زۆریی، تەنها چەند نموونەیەك دێنینەوە:

١– لێچواندن: کەوی بێدەنگی نەوبەهارانم گوڵێ بێڕەنگی چاوە لەبارانم (بارگەی یاران ل ٢١٥)

لێرەدا، شاعیر جارێك لە (کەو)و جارێك لە(گوڵ) دەچێت.

کە تۆ تۆرای لەچاوان وەك خەوی من لەبسکت ڕەشترە مانگەشەوی من (بارگەی یاران ل ٢٥٣)

لێرەدا (تۆ) لە (خەو) چوێنراوە.

هەندێك جاریش لێچواندنی وێنەیی بەکارهێناوە:

– هەناسەم لادەدا ڕووبەندو چارشێوی ڕەشت ئاخر

هەور هەرچەندە پڕیێ، کوا حەریفی بایە؟! (بارگەی یاران ل ١١٩)

– لەسەر بەفرێ بەکاریایە وەکو بیستوومە داوی ڕەش

لەسەر کوڵمەت ئەدی بۆ دڵگرە ئەو بسکە تاتایە؟! (بارگەی یاران ل ١٢٠)

**٢- خواستنو خوازە:**

- ڕۆژگار هاڕیبومی وەك ئەپۆنی ورد هێزو تواناى لێ بڕیبووم دەردە کورد (بارگەی یاران ل ٢٠٢)

- هاورووژا وەکو پوورەی هەنگ
مەهاباد گۆڕخانەی بێدەنگ (بارگەی یاران ل ١٥٢)

**٣- ڕەگەزدۆزیی:**

- تەکو تەنیا بەئارامی دەچم بۆ گردەکـــــەی بەردێ
بەدڵتەنگیو کزو خەمناکی ڕادەکشێم لەسەر بەردێ (بارگەی یاران ل ١٠٨)

- دێمو ناترسم لەپەرژینی بەزێ
هەر پەری سەرکەوتو دێوەزمە بەزێ (بارگەی یاران ل ٢٠٤)

- چلۆن بۆ سورمە نابێ خاکی شارێك
کە "حاجی" پێی لەسەر دانابێ جارێك (بارگەی یاران ل ١٧٣)

- دێم هەتا هەمبێ برستو بیرو هۆش
گەر گلاشم کوردەواریو ئێوە خـــۆش (بارگەی یاران ل ٢٠٤)

**٤- تێهەڵکێش:**

لە شیعری هێمندا، جاروبار شیعری شاعیرانو، هەندێك جاریش پەندی پێشینانو ئیدیۆم تێهەڵکێش کراون:

"پاش قرانی موددەعی، دەس پێدەکەن تەعمیری مولك"
دێتە دی ئاواتی بەرزی "ئەحمەدی موختاری"ی کورد
"ڕێگەیی ئاسن دەچێتە شاخی هەورامانەوە"
هەر کە کەوتە دەستی کوردی چارەنووسو کاری کورد (بارگەی یاران ل ١١٤)

لێرەدا دوو نیوە دێڕی ئەحمەد موختار تێهەڵکێش کراون. هەر لەهەمان شیعردا، نیوەدێڕێکی شیعری "هەژار" تێهەڵکێش کراوە:

"کۆتری پێکاسۆ کە موژدەی هێمنی هێنا، گوتی":
مرد، بەسەرچوو ڕۆژی ئیستبعادو ئیستیسماری کورد (بارگەی یاران ل ١١٥)

لەقەسیدە بەناوبانگەکەی "ناڵەی جودایی"شدا، چەند دێڕێکی مەولانای ڕۆمی تێهەڵکێش کردوە:

"مست مستم ساقیا دستم بگیر تا نأفتادم ز پا دستم بگیر"
جا کە سەرخۆش بووم بەدەنگێکی نەوی بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی "مەولەوی":
"بشنو از چون حکایت می کند از جدائیها شکایت می کند" (بارگەی یاران ل ٢٠٩- ٢١٠)

تێهەڵكێشی شیعر لە دیوانی هێمندا كەمتر وەبەرچاودەكەوێ، بەڵام تێهەڵكێشی پەندو ئیدیۆم زیاترە:

– بەهاربوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە
درۆیە گەر گوتوویانە "بەخونچێكی بەهار نایە" (بارگەی یاران ل ١١٩)

– "چڵكی دەستە ماڵی دنیا" وەك دەڵێن
ماڵپەرست پەیمانشكێنەو بێ بەڵێن (بارگەی یاران ل ١٩٩)

– منی زنجیرپسێن لێرە ئەسیری بسكی جوانێكم
زمانە گەرچی پەشێوو ئاڵۆزە "كەڵ بەموو بەندە!" (بارگەی یاران ل ٢٠٥)

– پەندی كوردانەیەو كۆنە كە "شەو قەڵاتی مێردانە"
هەروا تاریكان پەیدابا دری پێ‌دەدان شێرانە (بارگەی یاران ل ١٦٢)

– دایكی زانایە كوڕی ئازا دەنێرێتە كۆڕی خەبات
من گوتم، تۆش تێبگە "ناكاتە دەریایە زنە" (بارگەی یاران ل ٧٧)

ئەوە دەربارەی تێهەڵكێشی پەند، لەمەڕ تێهەڵكێشی ئیدیۆمیش، ئەوە بەشێوەكی بەربڵاو دەبینرێ:

– ئەو كەسەی نەیهاڕێ بەرداشی زەمان
ئەو كەسەی "زیرەی گەییە ئاسمان" (بارگەی یاران ل ١٩٦)

– ئەو كەسەی "دەستی لەئەوكێ بەردرا"
ئەو كەسەی دوژمن لەماڵی دەركرا (بارگەی یاران ل ١٩٦)

– ئەمن دەمگوت لە دنیا تابمێنم لەبەركەس ئەستەمە سەر دانوێنم
كەچی ئێستا لەداوی بسكی تۆ گرفتارم گوڵم "موو ناپسێنم" (بارگەی یاران ل ١١٧)

– كوردستانی بەخێرو بێر "پێی ڕوون دەبۆوە چاوی كوێر" (بارگەی یاران ل ٦١)

٤– تیلنیشان: ئەو تیلنیشانانەی لە شیعری هێمندا بەكارهاتوون، بەشی هەرە زۆریان ئاماژە بۆ ئەو داستانو بەسەرهاتو بۆچوونانە دەكەن كە بەنێو قووڵایی هەستو نەستی كۆمەڵی كوردەواریدا ڕۆچوونو بەشێكن لە فۆلكلۆرو كلتوورەكەی:

– خدر نیم بۆ تەمەن شێت بم بەكانیی ژینێدا نووسێم
ئەوەندەم ژین دەوێ تا دەم دەنێمە نێو دەمێكی تر (بارگەی یاران ل ٢٢٣)

تیلنیشانە بۆ نەمریی خدری زیندە بەهۆی خواردنەوەی ئاوی حەیات. لە چەند جێگەشدا تیلنیشان بۆ داستانی (مەم‌وزین) كراوە:

– ئەما "خانی" هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە دارێژێ
دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین زین‌ومەمەیکی تر.          (بارگەی یاران ل ٢٢٢)
– ڕەمزی دڵداری لە (زین)ی فێربووم یارم دەنا.
کوا ئەویندارێ وەفاداری وەکو من، شەم نەبێ؟!
بەکرە شۆفارە ئەوی مۆخەی چنیم
زیی (مەم‌و زین)ان وڵاتی لێ تەنیم          (بارگەی یاران ل ١١٩)
– کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک (مەم)ێ
یایە (زین) لەکوێیە هاواری کەمی؟!
کوا "قەرەتاژدین"؟ "چەکۆ"و "عرفۆ" لەکوێن؟
بێنە هانام وەک پڵینگی چەنگ بەخوێن!          (بارگەی یاران ل ٢٠١)
هەروەها لە شیعری هێمندا تیلنیشان بۆ زۆر داستانی دیکەی فۆلکلۆری کراوە:
– لاسە شۆڕێك بووم غەنیمی دوژمنان
ئێستە ئەنگاوم بەتیری چڵکنان
وام بەتەنیایی لەنێو خوێنا شەلاڵ
کوانێ خانزادو خەزاڵ؟!          (بارگەی یاران ل ٢٠٢)
– زۆر لەمێژە نارە ناری منی نەبیست
هەروەکو "شەمزین"، "شەمیلە"ی خۆشویست
وەک "سیامەندی"ی لەچۆڵ و بەدەنێ
جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ
شەتڵی جواناوم منی سارده برین          کوا "خەج"م تا بۆم بگێڕێ گەرمەشین؟!
مانگی "کانوونێ بەچلوان دەرکرام"          وەک "برایم" لەو وڵاتە ڕاونرام
کوا "پەریخان"بەندو باوم بۆ بڵێ؟!          بۆ نەسووتێم، نەبمە پۆلووی سەرکڵێ؟!
ئەو لە زۆزان، من لە ئارانێ دەژیم          کێ دەڵێ: ئەمنیش "وەلی دێوانە" نیم؟!          (بارگەی یاران ل٢٠٢)

لێرەدا بەڕێز تیلنیشان کراوە بۆ داستانەکانی "لاسو خەزاڵ"و "شەمو شەمزین"و "خەج‌و سیامەند"و "برایمی مەلا زێندینان"و "وەلی دێوانەو شەم"... ئەوەش وایکردووە شیعرەکە لە هەموو ڕوویەکی ڕەسەنایەتی‌و خۆماڵی بوونەوە تێرو تەواو بێت‌و، ببێتە شاکارێکی دیاری شیعری کوردی.

٥– شیعری دەمەتەقێ: لەنێو شیعرەکانی هێمندا، سێ شیعری نیشتمانی هەن کە بەشێوەیدەمەتەقێ نووسراون" "وتوێژی کەوکوڕ"و "ئەمەگی گولان"، کە گفتوگۆیەکە لەنێوان وەنەوشەو مێلاقەداو،

"ڕێبەندان‌و شاعیر" کە وتوێژی نێوان هێمن‌و مانگی ڕێبەندانەو، لێرەدا سەرو دوو دێ نموونە لە هەرکامیان دێنینەوە:

کچ: کاکە گیان، لاوی کوردی شۆخ‌و شەنگ
تا کەنگێ دەێ وابێ هەست‌و دەنگ؟!.........هتد

کوڕ: دیدە گیان، کچی کوردی ژیکەڵۆ
داوێنی پاکت دووربێ لەپەڵە.........هتد (بارگەی یاران ل٦٠)

لە (ئەمەگی گوڵان)یشدا دەڵێ:

مێلاقە: دەروونم ڕەشە، جەرگم براوە وەتی کوردستان داگیرکراوە.......
وەنەوشە: بەملی کەچم وەك کوردان دەچم کە کورد مل کەچن، منیش ملکەچم.....
(بارگەی یاران ل٦٤)

"ڕێبەندان‌و شاعیر"یش وەکو گوتمان، گفتوگۆی نێوان شاعیرو مانگی ڕێبەندانە:

شاعیر: ڕێبەندان دیسان هاتیەوە سەرمان؟ ڕەقمان هەڵێنی دیسان لەسەرمان؟! ......
ڕێبەندان: لەڕۆژی مندا کورد بەرووسووری هەڵیبژاردوە ڕەئیس جەمهووری.......
شاعیر: دەك بەخێرهاتی قەدەمت پیرۆز بەقوربانت بێ جێژنەکەی نەورۆز....... (بارگەی یاران ل٧٧ – ٧٩)

٦– شیعری چیرۆکئامێز: هێمن دوو شیعری چیرۆکئامێزی هەیە، یەکیان بەناوی (لەبیرم مەکە) کە (٧٥) دێڕەو، بەسەرهاتی ئەوینی کوڕو کچێك دەگێڕێتەوە، کە لەدواییدا کوڕەکە لەرێی هێنانی گوڵێکی سەر ڕووبارێکی بەخوڕ بۆ گراوییەکەی، دەخنکێت‌و دوایش کچەکە دڵی دەداتە کوڕێکی دیکە. کۆتایی چیرۆکەکە لۆمەی کوڕە دەکات کە لە پێناوی شتێکی وادا خۆی بەخت کردوەو لۆمەی کچەیش دەکات کە زوو کوڕەی لەبیرکردوە، گێژاو لوولی دا، شەپۆل نوقمی کرد:

خوڕێنی چۆمی کەلاکیشی برد...........
کەئەوی بینی کیژی شەنگ‌و شۆڕ لەوێ ڕانیشت‌و کردیە زیرو هۆڕ.......
هەتا مەوەیەك دژو وەڕەز بوو کەم کەم دڵداری پێشووی لەبیرچوو....
کەسێك دەیەوێ قەت نەکرێ لەبیر ناوی، لاپەڕەی مێژوو بکا، داگیر........
خۆ فیدا بکا بۆ گەل‌و خاکی ناوی نەمرە بە پاکی‌و چاکی (بارگەی یاران ل١٦٣– ١٦٩)

دووەم شیعری چیرۆکامێزی هێمن، "سووڕانی دەوران"ە، کە لە پتر لە (٣٠٠) دێڕدا بەسەرهاتی میرێکی ستەمکاری خوێنتاڵ دەگێڕێتەوە، میرێك کە کچێکی زۆر شۆخ‌و شەنگی هەیەو عاشقی

**هونەرمەندێك  دەبێ پێكەوە سەری خۆیان هەڵدەگرن، دوایی سیخوڕو شۆفارەكان دەیاندۆزنەوو میر لە سێدارەیان دەدات:**

**زەمانی زوو هەبوو میرێكی زۆردار**
**درێو و دڵڕەق و خوێنرێژو لاسار....**
**بەڵام كیژێكی هەبوو ئەو گەندە پیاوە**
**كە دەتكوت خوشكی ئاونگو خوناوە.....**
**وەدووی دڵكەوتو پچڕی كۆتو پێوەند**
**دڵی خۆی دا بەلاوێكی هونەرمەند....**
**بڵاوبوون خێڵی شۆفارانی بێعار**
**لەدوای دوو ئاشقی لاوی فیداكار.....**
**ئەمیر ئەمرۆ لەداری دان بە جووتە**
**كچۆڵەی خۆیو ئەو خۆشخوانە رووتە.....          (بارگەی یاران ل ٢٢٣– ٢٤٨)**

## پەراوێزەكان:

١. سامان عزالدین، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چ١، سلێمانی٢٠٠٩، ل٢٠٣.
٢. عبدالسلام نجم الدین، شیكردنەوەی دەقی شیعری لەرووی زمانەوانییەوە، چ١، هەولێر٢٠٠٨، ل٥٥.
٣. ئاوات ئەحمەد، دەق و ڕاڤەكاریی، چ١، سلێمانی ٢٠٠٨، ل٢٠١.
٤. شیكردنەوەی دەقی شیعری لەرووی زمانەوانییەوە، ل٥١.
٥. محمد كوردۆ، گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازیدا، سلێمانی٢٠٠٦، ل٧٣
٦. ئومێد ئاشنا، شێوەو ناوەڕۆك، چ١ هەولێر٢٠٠٧، ل١٤٤.
٧. پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، سلێمانی ٢٠٠٩، ل٤٧.
٨. ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیكییەكانی شیعر لای (پیرەمێردو شیخ نوریو گۆران)، چ١، دهۆك ٢٠٠٩، ل٨٨.
٩. عبدالخالق سەرسام، لەلێواری گەردووندا، بەغدا، ١٩٩٠، ل٨.
١٠. هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێركۆ بێكەسدا، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤٣.
١١. عبدالواحد مشیر دزەیی، واتاسازی، چ١، هەولێر٢٠٠٩، ل١٣٧.
١٢. فازل مجید محمود، سروشت لەشیعری گۆراندا، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١١٦.
١٣. واتاسازی، ل١٣٧.
١٤. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری كوردیدا (١٩٧٠ – ١٩٩١)، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٦٢.
١٥. پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبیو مەسەلەكانی نوێكردنەوەی شیعر، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٨٧.
١٦. صباح غالب، زمانی شیعر، ڕۆژنامەی هاوكاری، ژ:٤٦، ١٩٧٩، ل٣.
١٧. كەمال میراودەلی، سروشتو جوانی لەشیعری گۆراندا، گ: نووسەری كورد، ژ: ٩، ١٩٧٣، ل٥١.

١٨. [١] ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٨٣.
١٩. ڕەخنەی ئەدەبیو مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، ل٢٣٩.
٢٠. بەختیار عەلی، تەوەرێك دەربارەی زمان، گ.هەنار، ژ:٤٨، سلّمانی ٢٠١٠، ل٨١.
٢١. محمد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، چ١، هەولێر٢٠٠٤، ل٣٩.
٢٢. محمد عبدالکریم ئیبراهیم، زمانی شیعریو ڕەخنەیی ئەدەبی نوێ، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین (کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٧١.
٢٣. جان کۆهسین، بنیاتی زمانی شیعری، و: ئازاد عەبدولواحید کەریم و عەلی بەرزنجی، چ١، کەرکووك، ٢٠٠٨،ل١٧.
٢٤. خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٩، ل١٥٣.
٢٥. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبی نوێی کوردی، هەولێر ١٩٨٩، ل٤٣.
٢٦. ئەبوبەکر خۆشناو، لێکچوونو جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆرانو نیمایۆشیج، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٩٩.
٢٧. عەزیز گەردی، ڕوخسارو ناوەڕۆك لەهۆنراوەدا، گ: هەولێر، ژ: ١، هەولێر ١٩٧١، ل١٢.

## سەرچاوەکان:


١- ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای (پیرەمێردو شیخ نوریو گۆران)، چ١، دهۆك ٢٠٠٩.
٢- ئاوات ئەحمەد، دەقو ڕاڤەکاریی، چ١، سلێمانی ٢٠٠٨.
٣- ئومێد ئاشنا، شێوەو ناوەڕۆك، چ١ هەولێر٢٠٠٧.
٤- ئەبوبەکر خۆشناو، لێکچوونو جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆرانو نیمایۆشیج، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٥- ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، سلێمانی ٢٠٠٤.
٦- بەختیار عەلی، تەوەرێك دەربارەی زمان، گ.هەنار، ژ:٤٨، سلێمانی ٢٠١٠.
٧- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، سلێمانی ٢٠٠٩.
٨- پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبیو مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، هەولێر، ٢٠٠٦.
٩- جان کۆهسین، بنیاتی زمانی شیعری، و: ئازاد عەبدولواحید کەریم و عەلی بەرزنجی، چ١، کەرکووك، ٢٠٠٨.
١٠- خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٩.
١١- سامان عزالدین، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چ١، سلێمانی٢٠٠٩.
١٢- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ – ١٩٩١)، سلّمانی ٢٠٠٤.
١٣- صباح غالب، زمانی شیعر، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ:٤٦، ١٩٧٩.
١٤- عبدالخالق سەرسام، لەلێواری گەردووندا، بەغدا، ١٩٩٠.
١٥- عەبدوسسلام نجم الدین، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، چ١، هەولێر٢٠٠٨.
١٦- عەبدولواحید مشیر دزەیی، واتاسازی، چ١، هەولێر٢٠٠٩.
١٧- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (د)، ئەدەبی نوێی کوردی، هەولێر ١٩٨٩.
١٨- عەزیز گەردی، ڕوخسارو ناوەڕۆك لەهۆنراوەدا، گ: هەولێر، ژ: ١، هەولێر ١٩٧١.
١٩- فازل مجید محمود، سروشت لەشیعری گۆراندا، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٠- کەمال میراودەلی، سروشتو جوانی لەشیعری گۆراندا، گ: نووسەری کورد، ژ: ٩، ١٩٧٣.
٢١- محمد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، چ١، هەولێر٢٠٠٤.
٢٢- محمد عبدالکریم ئیبراهیم، زمانی شیعریو ڕەخنەیی ئەدەبی نوێ، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین (کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٣- محمد کوردۆ، گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازیدا، سلێمانی٢٠٠٦.

٢٤- هاوژین سلێوه عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢٥- هێمن، بارگەی یاران، چ٢، هەولێر ٢٠٠٦.


## پوختەی باسەکە

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی زمانی شیعریی و ڕەهەندەکانی و قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی شیعری کوردی بەگشتی دەدوێت و لەپەیوەندیی نێوان زمانی شیعری و زمانی ئاخاوتنی خەڵك دەکۆڵێتەوە و ڕۆڵی زمانی شیعریی لە بەرجەستەکردنی شێوازی شاعیران دەخاتە ڕوو، هەروەها سەرچاوەکانی زمانی شیعریی ئاشکرا دەکات .پاشان دەچێتە سەر زمانی شیعریی هێمنی شاعیر و تایبەتمەندییەکانی ئەم زمانە و کاریگەرییەکانی بۆ دەرکەوتنی شێوازی شاعیر ڕووندەکاتەوە وێڕای ئاماژەکردن بۆ ئەو هۆیانەی وایانکردووە زمانی شیعریی هێمن بگاتە ئاستێکی وا لە شاکاریی و ڕەوانیی و ڕەسەنایەتیی ، کە لە ریزی پێشەوەی شیعری کوردیدا بێت.

## الملخص

**تبحب هزه الدراسه اللغه الشعريه‌و ابعادها وعلاقتها بلغه محادپه الناس والفرق بينهما، ودور هزه اللغه فى تجسيد أساليب الشعراو، مع بيان مصادر اللغه الشعريه. پم تتگّرق الى اللغه الشعريه عند الشاعر (هێمن)و خصائص هزه اللغه وتأپيراتها على بلوره أسلوب الشاعر مع الٓشاره الى الٓسباب الّتى أدت الى وصول لغه هيمن الشعريه درجه من الروعه والسلاسه و الاصاله بحيپ تكون اسوه يحتزى بها فى الشعر الكردى**

## Abstract

This research deals with the poetic language, its aspects, its relation with the people's spoken language and the differences between them. It shows the role of poetic language in concrete the style of poets. It also explains the sources of poetic language. Then it moves to the poetic language of Hemin, the poet. It talks about the characteristics of this language and its effects to appear poet's style. It also mentions to those reasons that have made the poetic language of Hemin to reach a level in masterpiece, fluency, and originality to be a model and pioneer in Kurdish poetry.